## هونەرمەندی لوبنانی ئیوان:



# مەرج نییە گۆرانیبێژ لە سینەمادا سەر بکەوێت



● هونەرمەنـــدی لاوی لوبنانی ئیوان جگە لـــەوەی گۆرانیبێژە، پێشـــتر لە بواری راگەیاندنیش کاری کـــردووە و یەکێـــك بـــووە لە پێشکێشـــکارەکانی کەناڵی رۆتانا لە ســـەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم کەناڵە، بەهۆی رۆتاناوە تا رادەیەك لای خەڵك ناســـرا. جگە لـــە گۆرانی گوتن، ئاوازدانەریشـــە، ئیوان بەر لەوەی روو لەکاری هونەری بکات، پســـپۆڕی بەڕێوەبردنـــی هۆتێل بووە، بـــەڵام لەبەر ئـــەوەی خۆشەویســـتییەکی بێ ســـنووری بـــۆ هونەر هەبوو، ئـــەوا رووی لە هونەر کرد و توانی لە ماوەیەکی زوودا بوونی خۆی بســـەلمێنێت و ناوبانگێکـــی باش دەر بکات و ببێتە یەکێك لە هونەرمەندە لاوە سەرکەوتووەکان، هەر بۆیەش دوای بڵاوکردنـــەوەی دووەم ئەلبوومـــی خۆی، وەك زۆربەی هونەرمەندە لاوەکان بەشداری لە کاری سینەماییشدا کرد، بەر لە ماوەیەك چەند پرسیارێکمان لە رێگای ئیمێلەوە ئاراستەی کردبوو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.●



*** هەندێ لـــە ماڵپەڕەکان باســـیان لەوە کردووە کە تـــۆ جوانترین هونەرمەندی، خۆت رات چییە.**

- زۆر سوپاسیان دەکەم، بەڵام پێموایە ئەمە هەندێك زیادەڕۆیی تێدایە و بە پێوەری نازانم و گرنگیش بەو جۆرە شـــتانە نادەم، لەوانەیە هەندێك لەوانەی حـــەز لە دەنگی من دەکەن ئەو کارەیان کردبێت.

*** ئەزموونی تۆ لە رۆتانا چ ســـوودێکی بۆت هەبوو؟**

- بێگومان سوودی زۆری هەبوو، چونکە ئـــەو کاتەی لەوێ بووم لە ســـەرەتای ژیانی هونەریـــم دابـــووم و دوای بڵاوکردنـــەوەی گۆرانییەکانم زیاتر ناسرام.

*** ئایا پشت بەســـتن بە جوانی هۆکاری سەرکەوتنە؟**

- نەخێر وەك گوتـــم من زۆر گرنگی بەو باسانە نادەم.

*** دەتوانی پێناسەی خۆتمان بۆ بکەیت؟**

- هونەرمەندێکـــم حەز لە پابەندبوون دەکەم واتا پابەندبوون بەو کارەی کە دەیکەم.

*** هـــاوڕای لەگەڵ ئـــازادی لە بواری هونەریدا.**

لەگەڵ ئازادییەکی سنووردارم.

*** ئایا جەماوەرەکەت تەنیا لاوەکانن؟**

-رەنگـــە زۆربەیـــان گەنج بـــن، بەڵام لە هەموو تەمەنەکان گوێ لـــە گۆرانییەکانی مـــن و هەموو دەگرن، بـــەڕای من گۆرانی گـــەر بەتایبەتیش بۆ گەنجان بگوترێت، ئەوا کەســـانی دیکەش لە تەمەنی جیاجیا گوێی لێدەگرن.

*** هونەرمەند چۆن سەرکەوتوو دەبێت؟**

- بەڕای مـــن هونەرمەنـــدی گۆرانیبێژ ســـەرەکیترین مەرجی دەنگخۆشییە، پێویستە خـــاوەن دەنگێکـــی خۆش بێت، کەســـایەتی هونەرمەندیش زۆر گرنگـــە کە دەبێ رێز لە دابونەریت و جەماوەری خۆی بگرێت، هەروەها پێموایـــە رکابەرێتـــی شـــەریفانە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی هونەرمەند، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی هەوڵ بدات هەمیشە شتی نوێ و باشتر پێشکەش بکات.

*** ئێســـتا دیـــاردەی دووبـــارە کردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان بڵاوبۆتەوە چی دەڵێی بۆ ئەم دیاردەیە؟**

- پێموایـــە دیاردەیەکی خراپ نییە، بەڵام پێویستە بەشێوەیەك بێت کە کاریگەری خراپی بەســـەر گۆرانییەکەوە نەبێـــت، چونکە هیچ کەســـێك ناتوانێت وەك ئەو کەسەی یەکەم جار گوتویەتی بیڵێتەوە.

*** تاچەند گەشبینی لە ژیان؟**

- ئەوەی راستی بێت بێ سنوور گەشبینم و زۆر رقـــم لە خەمۆکی و دوو دڵییە، زۆر هاوڕێکانم پێم دەڵێن ئەم گەشبینییەت وامان لێدەکات کە هەمیشـــە دڵخۆش بین، بۆیە کە لەگەڵمان نەبی شـــوێنی تـــۆ دیارە، مرۆڤ پێویستە هەمیشە بە گەشـــبینییەوە لە ژیان بڕوانێت تەنانەت ئەگەر دڵیشی خۆش نەبێت.

*** زۆر جـــار گوێمان لـــە ناکۆکییەکانی نێوان هونەرمەندان دەبێـــت ئایا هۆکاری ئەم ناکۆکیانە چین؟**

- دوورم لەو شـــتانە و حەز ناکەم بچمە نێو ناوەڕۆکیانەوە و باســـیان بکەم، چونکە ئەمە پەیوەندی بە خـــودی هونەرمەندان خۆیانەوە هەیە و باشـــی و خراپی پەیوەندی لەســـەر نیازی هونەرمەندەکان خۆیانەوە دەوەســـتێت، حەز دەکەم پەیوەندیم لەگەڵ ئەو کەسانە زۆر باش بێت کە لە بوارەکـــەی مندا کار دەکەن، چونکە ئێمە زیاتر لە یەك دەگەین.

*** زیاتـــر لە گۆرانی گوتـــن نزیکی یان ئەکتەری؟**

- بـــەر لەوەی بەشـــداری لـــە نواندندا بکـــەم، لە رێگای گۆرانییەوە رووم لە کاری ســـینەماییدا کرد، بەڵام لە بواری گۆرانیشدا بەر لەوەی گۆرانی بڵێـــم ئاوازم داناوە ئینجا شیعرم نووسیوە ئینجا دەستم بە گۆرانی گوتن کردووە.

*** لـــەکاری هونەریـــدا راوێـــژ بە کەس دەکەیت؟**

- بـــڕوام بەوە هەیە کـــە کارێك دوو کەس ئەنجامی بدەن سەرکەوتووتر دەبێت لەو کارەی کە یەك کـــەس بە تەنیا بیکات، منیش راوێژ بـــە هەندێك کەس دەکەم کـــە هاوڕێی منن و شارەزان.

*** شـــتێك کە هەوڵی بۆ دەدەیت بۆ ئەوەی لە ژیانی هونەریتدا بەردەوام بیت؟**

- خۆشەویستی خەڵك یەکێکە لەو کارانەی کە هەمیشـــە هەوڵ دەدەم بەدەســـتی بهێنم، چونکـــە مرۆڤ بـــە زۆر شـــێواز ناوبانگ دەدرەکات و خەڵك دەیناســـێت، بەڵام گرنگ ئەوەیـــە خەڵك لێت رازی بێـــت بەتایبەتی بۆ هونەرمەندێك، خۆشەویستی خەڵك گەورەترین سەرمایەیە.

*** ناوبانگ بێزارت ناکات؟**

- بێگومان هەر کەســـێك کە لە ناوخەڵکدا ناوبانگی دەرکرد و ناســـرا پێویستە ئاگاداری هەڵســـوکەوت و رەفتارەکانی رۆژانەی بێت، بۆیە ناوبانگ زۆر جار مرۆڤ دەبەستێتەوە.

*** چۆن بوو بەشـــداریت لە فیلمی (حفلە زفاف)دا کرد؟**

- هونەرمەنـــد محەمـــەد ریـــاز کـــە بەرهەمهێنەری فیلمەکەیە منی هەڵبژارد بەشداری لەو فیلمەدا بکەم، ســـەرەتا دوو دڵ بووم لە تاقیکردنەوەی نواندن بەتایبەتی لەم فیلمـــەدا، بەڵام دوای ئەوەی ســـیناریۆکەم خوێندەوە رازی بـــووم، چونکە پێموایە ئەم فیلمە جیاوازە لەو کارانەی ئێستا پێشـــکەش دەکرێن و رەنگدانەوەیەکی تەواوی واقیعی ئێستای هەموومانە.

*** ترســـی ئـــەوەت نەبـــوو لـــە یەکـــەم تاقیکردنەوەی نواندندا ســـەرکەوتن بەدەســـت نەهێنی؟**

- هەر کارێـــك کە مرۆڤ یەکەم جار ئەنجامی بدات پێویستە بیر لە هەموو لایەنەکانی بکاتـــەوە، لەوانەش دەبێ ئەگەری سەرنەکەوتنیشـــی لە پێش چاو بێـــت، ئەمەش لـــە بەرژەوەندی



**مرۆڤ پێویستە هەمیشە بە گەشبینییەوە لە ژیان بڕوانێت تەنانەت ئەگەر دڵیشی خۆش نەبێت**



هونەرمەند خۆیدایە، چونکە روو لە بوارێك دەکات جیاوازە لە بواری پێشووی، ئەگەر تا رادەیەك ئاگادار نەبێت رەنگە ئەنجامەکانی بەشێوەیەکی سلبی بەسەریدا بشکێنەوە.

*** تا چەند پێتوایە لە نواندندا سەرکەوتووبووی؟**

- ئەم بڕیارە جەماوەر دەیدات، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبام لە یەکەم تاقیکردنەوەدا ئەوا بەشداریم لە کاری دیکەدا نەدەکرد.

*** بۆچی هەندێك لە گۆرانیبێژان لە تاقیکردنەوەی نواندندا سەرناکەون ؟**

- رەنگە شانسیان نەبووبێت یاخود خوێندنەوەیان بۆ بواری نواندن وەك پێویست نەبووبێت، بەڵام مەرج نییە گۆرانیبێژ لە سینەما و نواندندا بە هەمان شێوە سەرکەوتوو بێت.

*** ترس لە ژیانتدا بوونی هەیە؟**

- زۆر جار ترس پێویستە بۆ هونەرمەند و هاندەرێکە بۆ سەرکەوتن، بەڵام بە مەرجێك نەبێتە شتێکی هەمیشەیی و بەردەوام، هەروەها نابێ هونەرمەند لە هەڵە کردن بترسێت، بەڵکو پێویستە هەڵەکان نەهێڵێت دووبارەیان نەکاتەوە.

*** هەست دەکەی کەسێك هەبێت رکابەرێتیت بکات؟**

- رکابەرێتی لەنێو هونەرمەنداندا هەیە، بەڕای من رکابەرێتی شەریفانە هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند.

*** گوێ لە رەخنە دەگری؟**

- هونەرمەند ئەگەر گرنگی بە رەخنە نەدات و پێداچوونەوەیەکی خۆی نەکات نابێتە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو.

*** پێتوایە هونەرمەند لە رێگای بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەدۆزرێتەوە؟**

- ئێستا زۆر بەرنامە هەن کە کاریان ئەوەیە لە رێگای پێشبڕکێوە هونەرمەندان دەدۆزنەوە یان بواریان بۆ دەڕەخسێنن، ئەمە کارێکی ئیجابییە، چونکە تا ئێستا چەندین هونەرمەندی سەرکەوتوو هەن لە رێگای ئەو بەرنامانەوە ناسراون و ناوبانگیشان دەرکردووە، لە هەمان کاتدا هونەرمەندی زۆر لێهاتوو و بەتوانا وەك شەزا حەسون، شەریف ئەحمەد، دیانا کەرەزۆن و چەندانی دیکەش، بۆیە پێموایە کارێکی باشە.

*** ئایا ژیانی تایبەتی هونەرمەند کاریگەری بەسەر کاری هونەرییەوە هەیە؟**

- هونەرمەندیش وەکو هەموو کەسێك مرۆڤێکی ئاساییە و تەنانەت یەك جار باس لە راگەیاندنەکان باسی بکرێت ئەوا کاریگەری و رەنگدانەوەی خۆی دەبێت.

*** دژایەتیت دەکرێ؟**

- باوەڕ ناکەم، چونکە من پەیوەندیم لەگەڵ هەموو هونەرمەندان زۆر ئاساییە و هەر کەسێك بەو کارەی پێشکەشی دەکات هەڵدەسەنگێنرێت و کەسیش بەشی کەسی تر ناخوات.

*** چەند ئامێری مۆسیقی دەژەنی؟**

- پسپۆریم لە بەڕێوەبردنی هۆتێل هەیە و ماوەیەکیش خەریکی ئامادەکردنی ماجستێر بووم لە بەڕێوەبردنی هۆتێل، لە هەمان کاتدا بەشداریم لە چەند خولێکی فێربوونی ژەنینی عوددا کرد، بەڵام وەك پێویست تێیدا سەرکەوتوو نەبووم بۆیە رووم لە گیتار کرد، پێموایە فێربوونی ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا بۆ گۆرانیبێژ گرنگ و پێویستە.

*** بەر لە ماوەیەك باسی ئەوەت کردبوو کە یەکێك لە هاوڕێکانی باوکت کوردە و لە رێگای ئەوەوە هەندێك شارەزاییت لەسەر هونەری کوردی هەیە وگوێت لێی بووە، ئێستاش هەر گوێی لێدەگری؟**

- بێگومان ئاواز و میلۆدی کوردی سەرنجم رادەکێشن راستە هاوڕێیەکی باوکم کوردی لوبنانە زوو زوو دەهاتە ماڵمان لەگەڵ باوکم و لە رێگای ئەوەوە هەندێك شارەزاییم دەربارەی هونەری کوردی پەیدا کرد.

*** لەو گۆرانییە کوردیانە چی سەرنجی راکێشای؟**

- ئاوازەکانی، هەستم دەکرد زۆر لە من نزیکە بەشێوەیك بوو دەتگوت من دەمێکی زۆرە ئاشنایان بوومە، واتە بەلای من نامۆ نەبوون و نزیك بوونێك بەدی دەکرێت لە نێوان هونەری ئێمە و هونەری کوردی.

*** ئەمانە چۆن پێناسە دەکەی؟**

- **خۆشەویستی:** هەمیشە بە خۆشەویستییەوە دەژیم، خۆشەویستی بەلای منەوە هۆکاری بەردەوام بوونی ژیانە.

**دایك:** قوتابخانەیەکە هەرچەند وەسفی بکەم هەر کەمە.

**گۆرانی گوتن:** شتێکە ناتوانم لێی جیا ببمەوە.

**ناوبانگ دەرکردن:** خۆشی و ناخۆشی هەیە، بەڵام ناخۆشییەکەشی هەر خۆشە.

**جەماوەر:** گەورەترین سەرمایەیە بۆ هونەرمەند.

**دۆیتۆ:** ئێستا خەریکە دەبێتە پێویستییەك بۆ هونەرمەند.

*** کاری داهاتووت چییە؟**

- کۆمەڵێك بەرنامەی هونەری جیاجیام لەبەر دەستە لە بواری گۆرانی گوتن و نواندنیشدا، بەڵام جارێ زووە باسی هیچیان بکەم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم لە داهاتوودا شتی نوێ دەبیستن.

نابێ هونەرمەند لە هەڵە کردن بترسێت، بەڵکو پێویستە هەڵەکان نەهێڵێت دووبارەیان نەکاتەوە




## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# فیلمی "ئەلیس لە وڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان" پلەی یەکەم بەرنادات

فیلمی "Alice in Wonderland" ئەلیس لە وڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان، بەماوەی سێ هەفتە لەسەر یەك توانی ببێتە فیلمی یەکەمی هەفتە لە سینەماکانی ئەمەریکا لەرووی داهاتەوە، ئەمەش بەکۆکردنەوەی ٣٤ ملیۆن لەم هەفتەیەدا و زیاتر لە ٢٦٥ ملیۆن دۆلار لەتەواوی سێ هەفتەکەدا.

فیلمەکە وەك تەواوی ئەو جۆرە فیلمانە لە دەرهێنانی کۆمپانیای جیهانی "دیزنیی" کەبایەخێکی زۆر دەدات بەو رۆمانانەی تایبەت بۆ منداڵ نووسراون، هەربۆیە ٪٨٠ تەماشاکەرانی ئەم فیلمە لەخوار حەڤدەساڵەوەن، و ئەمەش دۆزینەوەیەکی زیرەکانەیە بۆ بزنس کەوا بتوانی هەستی منداڵ و مێردمنداڵ بۆخۆت رابکێشی.

فیلمەکە بە فیلمە ئەنیمەیشنە سێ رەهەندییەکان دەژمێردرێت بەڵام وەك فیلمی ئەڤاتار دیمەنی راستەقینەی لەگەڵ تێکەڵ کراوە، و وردەکارییەکی ئێجگار جیاواز لە فیلمە سێ رەهەندییەکانی پێشخۆی کراوە کە بەمەش دەبێتە فیملەکە ناوازە دەکات.

فیلمی ئەلیس لە وڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان لە رۆمانێکی رۆماننوسی بەناوبانگی ئینگلیزی "لویس کارۆل" وەرگیراوە کە بەهەمان ناونیشان نووسیویەتی، و بەیەکێك لەشاکارە ئەدەبییەکانی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت.

فیلمەکە باس لە گەڕانەوەی ئەلیس-ی تەمەن ١٩ ساڵ دەکات بۆ جیهانە سیحری و ئەفسوناوکەی، کە لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانی یەکدەگرن، کەوا چارەنووسی راستەقینەی خۆی دەزانێت، ولێرەوە بەرەنگاربوونەوەکانی ئەلیس دەستپێدەکات و باسەکانی فیلمەکە لەدووای یەك دێن.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "تیم بۆرتۆن"ە، لەپاڵەوانێتی خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئوستراڵی "میا واسیکواسکا" لەگەڵ هەریەك لە ئەکتەران "جۆنی دیب، و ئان هاساوی، و هیلینا بونهام کارتەر" رۆڵی پاڵەوانێتی فیلمەکەیان گێڕاوە.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1 - (٣٤،٥٠٠) Alice in Wonderland ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٥٦،٨٠٠ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو:١.

2 - (٢١،٨٠٠) diary of a wimpy kid ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١،٨٠٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

3 - (٢١،٠٠٠) the bounty hunter ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١،٠٠٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

4 - (٦،١٥١) Repo Men ملیۆن$، کۆی داهات: ٦،١٥١ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

5 - (٦،٠١٥) She's Out of My League ملیۆن$، کۆی داهات: ١٩،٩٥٤ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشو٣.

6 - (٥،٩٦٣) Green Zone ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٤،٧٠٢ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٣.

7 - (٤،٧٥٥) Shutter Island ملیۆن$، کۆی داهات: ١١٥،٧٧٠ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو: ٤.

8 - (٤،٠٠٠) Avatar ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٣٦،٨٨١ ملیۆن$، بە١٤ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

9 - (٣،٨٠٠) our family wedding ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣،٦٦٨ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٦.

10 - (٣،٣٠٠) Dear John ملیۆن$، کۆی داهات: ١٣،٩٠٠ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٥.




ئا: عەبدوڵا چنگیانی

# وەک پێویست ئاوڕ لە دراما نەدراوەتەوە



**● هونەرمەند ماهیر ئەو ئەکتەرە بەتوانایەیە کە توانی زوو پێگەی خۆی لە ناو هونەری کوردیدا ببینێتەوە و خاوەنی چەندین شاکاری جوانە لە بـواری هونەری نواندندا. ماهیر توانیویەتی خزمەتێکـی دیار بە هونەری کۆمیدیـا بـکات و لە پاڵیشـدا ناوبەناو توانیویەتـی کاری تراژیدیا پێشکەشـی جەماوەرەکـەی بـکات. ئەندامێکـی چالاکی تیپی هونـەری ڕەنگاڵەیە و کە ئـەرك و کارەکانی ئەو تیپـە لە بەرچاوە لـە خزمەتی گەیاندن بە ڕەوتی شـانۆی کوردیدا. دوایین کاریشی بەشداری کردنە لە درامای نامەکانی ئەشـرەف کە ڕۆڵی سـەرەکی هەیەو جگە لە بەشداریکردنی شانۆگەری دارستان و یاساکەی. ئێمە لە سلێمانی چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردو ئەویش بەم شێوەیە بۆ وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن.●**

دیمانە :سۆران مارف
Soran_marf1980@yahoo.com

*** سـەرەتا دەمانەوێت بزانین چۆن باس لەو قەیرانـە دەکەیت کەوا هونەرمەندانی تر ئاماژەی بۆ دەکەن ؟**

- زۆر جار ئەو باسـەو ئەو پرسـە کراوە، بەڵام قەیرانی شـانۆی کوردی نابینم، تیپە هونەرییەکان و گروپـەکان و هونەرمەندەکان خۆیان ئەم قەیرانەیان دروست کردووە، چونکە کاتێك دەتەوێت کارێکی شانۆیی پێشکەش بکەیت، دەبێت بزانیت چ دەقێکێك هەڵدەبژێری، دەبێت بزانیت چ پەیامێك دەگەیەنیت، ئەمڕۆ خەڵکی زیاتر تامەزرۆی کاری کۆمیدیایە، چونکـە تۆ لە کۆمیدیـاوە دەتوانیت پەنجە بخەیتە سەر ئازارەکان، دەتوانیت هەستیارترین بابەت کـە گوزارشـت لـە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی رامیـاری و ئابووری دەکات، لە ڕووی کۆمیدیاوە دەتوانیت بە شـێوەیەکی زانستیانەو ئەکادیمیانە ئامانجەکانت بپێکی، بۆیە دەبێت یەکەمجار هونەمەندان هەوڵبدەن ئارەزوو و سـەلیقەی بینەر هەڵبسەنگێنین تـا بزانن بینـەر چـی داوا دەکات، دەبێت هەوڵی کارێـك بدەیت کەوا بینەر پێی هەزم بکرێت، نەوەك بەرهەمێکی شـانۆیی بێنیت لـە ڕووی فیکرەوە لـە ڕووی بابەتەکانیەوە باس لە شـتێك بکات کەوا بەشداربووەکانیش نەزانن باس لەچی دەکات. قەیرانی شانۆیی کوردی دەگەڕێنمـەوە بۆ هونەرمەند و تیپە هونەرییەکان و گروپەکان خۆیان، نموونەم بۆ ئەمە ئەو بەرهەمانەیە کە ئێمە پێشکەشـی دەکەین وەکو گروپی هونەری ڕەنگاڵە پێمان دەڵێن ئەمە بابەتی توجارییە و ئەمە شانۆی توجارییـەو هیچ فیکرێکی تیـا نییە، لە کاتێکدا ئێمە دەقەکانمان نەنووسیووە و دەقی وەرگێڕدراوە و نووسەری بەناوبانگی عەرەبی (میسری و سووری)یە و ئێمە کورداندومانەو بە بەرگێکی کوردانەوە پێشکەشـی دەکەین، لـە کاتێکدا کارەکانی ئێمـە کاری جددییە و بینەرێکی زۆرمـان هەیە، کارەکانی ئێمە دەخەنـە حاڵەتـی بازرگانییـەوە. پێموایە قەیرانەکە خۆیان دروسـتیان کردووە، ئەگینا تیپە هونەرییەکان خولقێنـەری قەیران نین، بۆچی بینەر بەو حەماسـە گەورەوە دەچێت بۆ بینینی کارەکان و شـانۆگەرییەکان لە

کاتێکدا بەرهەمەکانی ئەوان بینەری نییە، دەبێت تۆ یەك هەنگاو کار بۆ بینەرەکەت بکەیت ئەگەر تۆ شتێك بدەیت بە بینەرەکەت و پێی هەزم نەکرێت، بە دڵنیاییەوە قەیران دروست دەبێت، تیپی هونەری رەنگاڵە کار لەسەر کۆمەڵێك دەقی وەرگێڕدراو دەکات.

*** تا چەند هەست دەکەیت ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە خزمەتی شانۆی کوردی دەکەن؟**

- ئەو دەقە عەرەبیانە بە شێوەیەك وەردەگێردرێن کەوا بەرگێکی کوردانەی دەکرێت بە بەردا، چونکە کارەکانی ئێمە زیاتر تەنزئامێزن، کار لەسەر ئەو دەقانە دەکەین کەوا زیاتر گوزارشت لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە دەکەن، بۆ نموونە گەندەڵی لە هەر کوێیەك بێت، هەر گەندەڵییە. کێشەی کومەڵایەتیش بەهەمان شێوەیە، بە شێوەیەکی جوان کار لەسەر ئەو دەقانە دەکەین کە باسی ناخ و رۆحی کومەڵگەی کوردی دەکەن، بۆیە باوەڕم بەوە هەیە تیپی شانۆی رەنگاڵە و تیپی شانۆی پێشڕەو خزمەتێکی گەورە بە رەوتی شانۆی کوردی دەگەیەنن، ئەوان کارێکی بێ بناغەیان نەکردووە، کارێکیان نەکردووە کە خزمەتی کۆمەڵگە نەکات یان خزمەت بە ڕەوتی شانۆی کوردی نەکات.

*** ئێوە کارەکانتان لە تیپی شانۆی رەنگاڵە بە شێوەیەکی تەنز ئامێزە هیچ کاتێك تووشی رەخنەی بەرپرسانی باڵا نەبوونەتەوە؟**

- بە پێچەوانەوە زۆربەی زۆری کاربەدەستانی حزبی و حکومی هاتوونەتە ناو کارەکانەوە و بینیویانە، هاتوون بلیتیشیان بڕیووە و سەیری شانۆگەرییەکانیان کردووین و رەخنەشمان لە حکومەت و حزبیش گرتووە، تەنانەت هەندێك کاری نەشیاو کە لەلایەن حزبەوە کراوە، قسەمان لەسەر کردووە، زۆر بە زەقی کارمان لەسەر کەموکوڕییەکان کردووە سوپاس بۆ خوا ئەوان دەستخۆشیان لێکردووین و کارەکانیان بەدڵ بووە.

*** لە وڵاتی ئێمە کە بەردەوام لە گەشە کردندایەو کەموکوڕییش لێرەو لەوێ دەبینرێ، پێتوایە تا چەند بابەتی تەنز ئامێز بۆ رووماڵکردنی کێشەو کەموکوڕییەکان زەروورییەتی خۆی هەیە؟**

- مەرج نییە کەموکوڕی و ئەو گرفت و کێشانەی لە کوردستان هەن لە ڕێگەی دامودەزگای حکومییەوە هەوڵی چارەسەر کردنیان بدەیت، دەکرێت ئێمەی توێژی هونەرمەند هاوکاری حکومەت و لایەنی پەیوەندار بین بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، ئێمە وەکو ستافێکی هونەری هەوڵمان داوە لە ڕێگای بەرنامە و پرۆژەی هونەریمان بە بابەتی تەنزئامێز کەموکوڕییەکان بخەینەڕوو، بەڵام تاچەند حکومەت و لایەنی پەیوەندار کاری بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان کردووە، ئومێدەوارین کەوا ئێمەی هونەرمەند لە ڕێگای هونەرەکەمانەوە شتێك پێشنیار بکەین کە چارەسەری تێدابێت، نەوەك بە پێچەوانەوە، دڵنیام هەوڵەکانمان کاریگەری خۆی دەبێت، بەڵام پێموایە کارە تەلەفزیۆنییەکان زیاتر بەدواداچوونی بۆ دەکرێت لەبەر ئەوەی کارە تەلەفزیۆنییەکان زیاتر لەبەرچاوە و دەسەڵاتداران دەیبینن.





***کومەڵێك تیپی شانۆ لێرەو لەوێ هەن ئایا حکومەت پلانی هەبووە بۆ کۆکردنەوە و پشگیری کردنی ئەو گرووپانەو چاودێری کردنیان بۆ نموونە رەنگە تیپ هەبێت لە ساڵێکدا چالاکییەکی نەبێت، لەکاتێکدا رەنگە تیپ هەبێت خزمەتی بەرچاوی بە هونەری شانۆیی کوردی کردبێ، بۆ راگرتنی هاوسەنگی حکومەت تا چ رادەیەك هاوکار بووە؟**

- پێموایە تیپ و گروپی هونەری و هونەرمەند هیچ پێویستی بە حکومەت نییە دەستگیرۆی بکات، دەبێت هونەرمەند خۆی بتوانێت تەمویلی خۆی بکات، لە وڵاتان هونەرمەند باج و رسومات دەداتە حکومەت، چەندین جار حکومەت هەوڵی داوە داوای رسووماتمان لێبکات، بۆیە پێموایە دەبێت هونەرمەند بیر لەوە بکاتەوە خۆی تەمویلی هونەرەکەی خۆی بکات نەوەك چاوی لەدەستی حکومەت بێت، کەتۆ توانیت لە ڕێگەی هونەرەکەتەوە سوودمەند بیت، ئەوا بێگومان هونەرەکەت بەرەو پێش دەچێت، پێموایە ئەوکاتەی هونەرمەند توانی زەوق و سەلیقەی لە کارێکی هونەری شانۆییدا یان کارێکی درامیدا دەربخات، ئەوکاتە دەتوانێ سەنگ و قورسایی خۆی بەدەربخات. پێویستە هاوکاری و پشگیری تیپەکان لە سەر بناغەی تواناو شارەزایی بێت، نەوەك حکومەت بودجەی پازدە ملیۆن دینار بداتە تیپێك بۆ کاری شانۆیی و تەنها یەك رۆژ پێشکەش بکرێت، ئەوە هاوکاری و پشتیوانی پێناڵێن، ئەمە بەهەدەربردنی مافی خەڵك و پارەی حکومەتە. دەبێت





گرووپە شانۆییەکان هەوڵبدەن داهاتیان هەبێت و سوود لە فرۆشــتنی ئەو بلیتانە ببینن بۆ تەموویلکردنی کارەکانیان، نەوەك هونەرمەند خــۆی بچێت داوای خێرو پارە بۆ دارماکەی بــکات کە هیچ کەنالێك عـــەرزی ناکات و دراماکـــەی لە رەفە دابنرێـــت و بەرهەمەکە لێنەدرێت.


**پیم وایە درامە بەرەو پیش بچێت و لە ئاستێکی باشدا ئایندەی درامای کوردی ببینینەوە**

*** بەنیـــاز نیـــت لە بەشـــی ســـێهەمی گەردەلوول بەشداری بکەیت؟**

- لە بەشـــی یەکەمی گەردەلوول ڕۆڵی عەباســـە فەنیم بینی و ئەوە بوو کوژراو ئیتر رۆلەکەی تەواو بوو، بۆیە ئیتر رۆلی من لە درمایەدا تەواو بوو.

*** وەکو بەشداربوویەکی دراماکە تێڕوانینتان لەسەر گەردەلوول چی بوو؟**

- وەکـــو ســـەرەتایەك بـــۆ ئەوکارانـــە، گەڕانەوەیە بـــۆ ســـەردەمانی زوو، ئەوەش کارێکی باشە، بەڵام لەوانەیە لە گێڕانەوەی مێژوویەکەیـــدا پەلەکرابێـــت، لە بەســـەرهاتەکانی، لەوانەیـــە هەندێ کە مو کو ر تـــی



تیاهەبێت لەوەی پەلە کرابێت لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر خەتی درامی کارەکە کە گەردەلوولە. خۆی کارکردن لەم جۆرە کارانەدا زۆر زەحمەتـــەو حەتمـــەن بـــێ کەموکوڕی نابێـــت، گەردەلوول بەکارێکـــی باش دەزانم، چونکە گێڕانەوەی ئەو رۆژانەیە بۆ نەوەکانی ئەمرۆ. پێویستە نەوەك هەر ئەو کارە هەبێت، دەبێت لەو جـــۆرە کارانە بەرهـــەم بهێنرێت، ئەگەر کەموکوڕیشـــی هەبێت بە کاریکی سەرکەووتووی دەزانم.

*** بەگشتی درامای کوردی توانیوویەتی چاوی بینەری کورد تێر بکات؟**

- ئەتوانم بڵێـــم کار هەیە لایەنی ئیجابی و ســـلبی هەیە، لـــەرووی فیکرەوە باشـــە، بەڵام لـــەرووی هونەرییـــەوە گرفتی هەیە و کەموکـــوڕی هەیـــە، یاخود لـــە رووی هونەرییەوە باشـــە، بەڵام لە ڕووی فیکرەوە کەموکوڕی هەیە تێرو تەسەل نییە، یاخود ئەو ئەکتەرانەی دەور دەبینن وەکو پێویست کاریان بۆ کەسایەتییەکانی خۆیان نەکردووە، لەرووی دەرهێنانەوە کەموکوڕییان هەیە بۆیە پێموایە وەکو پێویست نەیتوانیوە چاوی بینەری کورد تێـــر بکات، بەڵام پێموایـــە دراما بەرەو پێش دەچێت و لە ئاستێکی باشدا ئایندەی درامای کوردی دەبینینەوە.

*** کومەڵێك کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنیمان هەیـــە تا چەند ئـــەو کەناڵانـــە توانیوویانە گرنگی بە دراما بدەن؟**

- زۆر بەداخـــەوە دەڵێـــم لایەنـــی دراما ئـــاوڕی لێنەدراوەتەوە، دەتوانـــم بڵێم بەقەدەر کلیپێك یاخود بەقـــەد کاری هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، لەوانەیە کلیپێك مـــاوەی زیاتر لـــە ١٥ رۆژ نەخایەنێت لەکاتێکدا کاری درامایەك رەنگە زیاتر لە شـــەش مانگ بخایەنێت،شـــتێکی سەیر بەدی دەکەم کاتێك تۆ کارێك دەبەیت بۆ کەناڵێك ئەو کەسەی کە پشکنینی کارەکەت دەکات کەسێکی شـــارەزاو پسپۆری بوارەکە نییە، لە هەمان کاتدا لە کارو ئیشـــەکەی تۆ کەم دەکاتەوە، یان پێت دەڵێت کارەکەت کوالیتی نزمە ناشزانی چۆن پێت بڵێت، کەسێك هەیە دەتەوێت لێت بخوات و دەبێت حەقی بدەیتێ، پێموایە ئەو بودجەیەی وەزارەتی رۆشـــنبیری بۆ کاری درامای سەرف دەکات وەك تۆزێك وایە کە چۆن دەچێت بە هەوادا یاخود توزێك کـــەوا با دەیبات، ئاوایە ریـــزم بۆ وەزارەتی رۆشـــنبیری بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان هەیە و خۆشـــیان لەو واقیعە تێگەیشـــتوون، هەوڵی ئەوان بۆ ئەو مەبەســـتەیە جولەیەك بکەوێتە شـــانۆی کوردی و تیپە هونەرییەکان، بەڵام بەداخـــەوە ئیســـتغلالی ئەو حاڵەتـــە کراوە ئیســـتغلالی ئەو بودجەیە کراوە ئیستغلالی ئەو دەستەڵاتانە کراوە، پێموایە هۆکارەکەش هونەرمەندان خۆیانـــن، چونکە هونەرمەندان کـــۆك نین و نازانن بۆ مومارەســـەی کاری هونەرییان چی پێشکەشی خەڵك بکەن.

*** ئێســـتا ئێوە چ بەرنامـــەو پڕۆژەیەکی هونەریتان لەبەردەستە؟**

- خۆشبەختانە ئێمە ساڵانە کاری شانۆیی کاری دramaman — 

کاری درامامان بۆ خزمەتی هونەری کوردی هەیە، ئێســـتاش کارێکی جوانمـــان ئامادە کردووە بۆ کوردستان تیڤی، بەناوی نامەکانی ئەشرەف، خەڵك تامەزرۆی بینینی کارەکەن، لە ئێســـتاوە چەندین گۆڤارو رۆژنامە لەسەر کارەکەیان نوسیووەوە هەنگاوێکی تازەگەرییە لـــە درامای کوردیدا. ڕۆلی ســـەرەکیم لە دراماکەدا هەیە کە رۆڵی (ئەشرەفە)باســـی کۆمەڵگەیەکی ســـادە دەکات کۆمەڵگەیەك کـــەوا خەڵکانێکی دڵســـافی تیایە، کەچی زۆر جار دەبینین لەو کومەڵگەیانە کەســـێك قووت دەبێتەوە ئیستغلالی سادەیی و ساکاری خەڵکەکە دەکات، بـــۆ بەرژەوەندی تایبەتی خـــۆی بەکاریان دەهێنێت. ئـــەم درامایە لە ســـیناریۆو دەرهێنانـــی کاك لوقمان غەریب و رۆمانـــی ئیبراهیم زەبـــۆك)ە و بەنیازین شانۆگەری دارستان و یاساکەی ببەینە هەولێر و لەوێ پێشکەشـــی جەمـــاوەری هەولێری بکەین کەوا وەزارەتی رۆشـــنبیری بە نیازن میواندارییمان بکەن و ســـوپاس و پێزانینی خۆم ئاراســـتەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و بەڕێوەبەری گشـــتی، کاك هیوا سوعاد دەکەم کە ئاسانکارییان بۆ کردووین تا ئەو شانۆگەرییە لە هەولێر نمایش بکەین.

# سەمیرە سەعید بەدوای کۆمپانیایەکدا دەگەڕێت



لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی ماوەیەك خانمە هونەرمەندی مەغریبی سەمیرە سەعید بۆچی وەك پێویست دەرناکەوێت و بەرهەمی کەمە، سەمیرە رایگەیاند کە هۆکاری سەرەکی زۆر دەرنەکەوتنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە وئەو کۆمپانیایانەی ئێستاش هەن لەوانەیە وەك پێویست نین، بۆیە تا ئێستا کۆمپانیایەکی دیاری نەکردووە بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی خۆی لەگەڵیان بڵاوبکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بەو پروپاگەندانەی دژی بڵاو دەکرێنەوە کاریگەرییان بەسەریەوە نییە بەتایبەتی لە بواری ژیانی تایبەتییەوە.

# لێندسی لۆهان وازی لە سەرەڕۆیی هێناوە

کچە ئەکتەری ئەمریکی لیندسی لۆهان بەر لە ماوەیەك سەردانی پاریسی کرد بۆ بەشداری کردن لە هەفتەی مۆدەی فەرەنسی، وەك هەموو جارێك لێندسی دووچاری پرسیاری وروژێنەری رۆژنامەنووسان بوویەوە، بەڵام جیا لە جارەکانی دیکە لەکاتی وەڵامدانەوەی ئەم جۆر پرسیارانە لۆهان بە شەرمەوە وەڵامی دەدایەوە و زۆر جاریش خۆی لە وەڵامدانەوە دەدزیەوە.



پێدەچێت لیندسی بڕیاریدابێت، لە هەموو لایەکەوە ژیانی خۆی بگۆڕێت ئەمەش بە روونی لەوەوە دیارە کە چیتر تا درەنگانی شەو لە دەرەوەی ماڵ نەمینێت و زوو بگەڕێتەوە ولە یانەکانی شەوانە کات بەسەر نەبات، چونکە بە قسەی خۆی کامیرای وێنەگران وازی لێناهێنن، تەنانەت دەگاتە ئەو ئاستەی کە رۆژنامەنووسەکان بەشێوەیەکی دڕندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و بەدوای دەکەون، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەوەی کە زۆر لە ماڵ ناچێتە دەرەوە، لەلایەکی دیکەوە لۆهان داوایەکی دژی ریکلامێك بۆ دادگا بەرز کردۆتەوە و تێیدا داوای بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەکات وەك قەرەبووی ئەو زیانانەی پێیکەوتووە و بە قسەی لۆهان ناوی ئەویان بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێناوە و هەر لەم ریکلامەدا وا دەردەکەوێت کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ چەند پیاوێکی خێزاندار ئەمەش دوای ئەوەی دوو منداڵ لە رێگای چاتەوە قسە دەکەن و بە یەکتری دەڵێن کە لیندسی هۆگری شیر خواردن و پەیوەندییە لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە خێزاندارن.

# ناومی واز لە لێدانی خەڵک دێنێت



تا ماوەیەك بەر لە ئێستا ناومی کامبڵ نمایشکاری جلوبەرگ بەوە ناسرا بوو، بۆ دەورووبەری بەردەوام گیروگرفت دەنێتەوە، تا رادەیەك بە (پڵنگی رەش) ناسرا بوو، هەروەها بەوە ناسرا بوو کە زوو زوو لە کەسەکانی نزیکی خۆی دەدات و دەکەوێتە گیانیان، تەنانەت زۆر جار لەلایەن پۆلیس داواکراوە، بەڵام لەدەستی پۆلیس رایکردووە.

یەکێك لەو کەسانەی کە ناومی بە لێدان تاوانبار کرد میۆدراگ مەجدینای شوفێری بوو، بەڵام دوای ماوەیەك مەنجدینا داواکەی خۆی کشاندەوە و داوای لێبوردنی لە ناومی کرد، دوای ئەمە ناومی بەیاننامەیەکی بەناوی خۆی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاند کە ئەو دەیەوێ بەسەر هەڵەکانی رابردوویدا بچێتەوە، نایەوێ چیتر دیلی رابردووی خۆی بێت و گوتیشی: زۆر دڵخۆشم کە شوفێرەکەم داواکەی خۆی کشاندۆتەوە، چونکە من دەمەوەێ رابردووی خۆم لەبیر بکەم و پێش بکەوم، بەڵام دیار نییە ئەم قسانەی ناومی تا چەند راست دەبن، چونکە تا ئێستا چەندین جار هێرشی کردۆتە سەر خەڵك و لێیداون.